# زمانەوانی کۆمەڵایەتی

Subtitle

π

- **زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی:** لقێکی نوێی زانستی زمانە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان پەیوەست بە کۆمەڵ و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە. واتە، دەیەوێ لە ڕێگای زمانەوە لە کارلێك و پەیوەندیی و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: (چین، ڕەگەز، تەمەن، پیشە، بۆنەی کۆمەڵایەتی، ... هتد) شارەزا بێت، بۆ ئەوەی شوێن و پێگە و بەکارهێنان و هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنی زمان لە نێو کۆمەڵ بە گشتی و تاك بە تایبەتی دیارییبکات ، کاریگەریی هەریەك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر زمان دەستنیشان بکات و بە کۆمەڵیان ببەستێتەوە.

# سنوورو ئامانجی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

سنووری ئەم زانستە پانتەییەکی فراوان دەگرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە
*بەکارهێنانی زمان:
*بنەما کۆمەڵایەتییەکان:

ئەم بەکارهێنانەش، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی بنەماو یاسای بەکارهێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی زمان لەناو کلتورو کۆمەڵگە دەدات.

مرۆڤ بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و جێبەجێکردنی ئەرك و پێویستییەکانی زمان بەکاردەهێنێت و خۆی لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بەکارهێنانە دەبینێتەوە، چونکە بەکارهێنانی زمان، واتە تاك لە ڕێگای هێماکانی زمانەوە توانای ئەوەی هەیە، کە پرۆسەی پەیوەندییکردن و تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆی بە تایبەتی و کۆمەڵ بەگشتی، لە سنووری ئەو ژینگە زمانییەی کە تێیدا گەشەی کردووە ئەنجامیبدات. ئەم بەکارهێنانەی زمانیش لە ئاخاوتندا بە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی پراگماتیک دادەنرێت.

# ADD A SLIDE TITLE - 4

# ADD A SLIDE TITLE - 5